# خودایه..کێ لەمن گوناهبارتره

زانا سامان

ئەو دەمەی
تەمەنی خۆم بە باران سپارد
هێشتا ژیان
لەو پەڕی بارینداا
عادەتی بە تەڕبوونەوە نەگرتبوو

کە ئێوارەکانی تەنیایم
لە لای یادگاریەکان بەجێهێشت
سێبەری درەختەکان
بەرۆخی شەقامەکاندا
ناڵەیان دەهات
خەوی هەڵبزرکاوی تەمەن
لەکوچەی بێنەوایدا
سەری نەئەدا بەکۆشی خەمداو
تا ئەوپەڕی بە(( با )) چون
هەناسە ڕێگەی نەگرتە بەر ،

کە شەوەکانی وەبیر هاتنەوەم
لە نێو بێداریدا نەخشاند
کاتی هیچ بیرکردنەوەیەك
لە بێدەنگیدا
گمەی نەدەهات لە وێناکردن
یاخود کە هەور
کراسێکی لە خۆی بۆ دوریم
هێشتا ئاسمان

ڕەنگی سپی پێنەگەیشتبو ،
بەو چەشنە خۆم لەیاد کردو
ئەمدیوی وەرزەکانی ئێوەم لەبیرچوو
بمبەخشن

لەوێ دەژیام
لای تێڕوانینەکانی خۆم
خافڵبووم لەوەی
مــــناڵێك..
تائەو سەری بازاڕ
هەڵپەی دەکرد
بۆ فرۆشتنی ((بنێشتێك))
یان رامانی
بە دیار سەیرکردنی
دوکانێکی پڕ لەکاڵای یاری کردن،

من کەشێتی نێو خیاڵمبووم
ئۆباڵی گشت مناڵە هەژارەکان
بە گەردنی من
کە بۆ تاوێك چیە....بمرم
بۆنم بە هیلاکبوونیانەوە نەکردبوو
شەو نخونی هەرچی دایکە
بەدیار ساوای نەخۆشەوە
دەك بە ئەستۆی من
فەنابوونی
خەونە جوانەکانی گەنجان

قەیرە بوونی
کیژەکانی شار
بەسەر چونی تەمەنی
باوکە مووچە خۆرەکان
لەم وڵاتی قەدەرەدا
دەك بەملی من

من ئێستا کە
چیم لەدەست دێت
کەوەرێزێکم لەجوانی پێنەبەخشیوون
ساڵێکم لە روناکی و
مۆمێکم...
لەتاریکایی شەوە بێ تەزوەکاندا
بۆ پێنە کردوون
شیععرێکم تائەو پەڕی مەستی
بۆ نەخوێندونەتەوە .... ئەمێستا چیبکەم ،

پێدەچێت ...
گوناهبار ترین پیاوی
ئەم زەمەنەبم
دوورنیە ..
جەلادێك بوویێتم و
خوێنی ئەوانم مژی بێت

ئەگەر نا ...
سوتانی باڵی
ئەو هەموو پەپولەیە لە پایچی
یان وەرینی
ئەو پەنجە ناسکانە بۆچ
کۆچی بەلێشاوی
نەورەس هەتا کەی ،

دەزانم کە تاوانبارم
چوون وڵاتێك لە ئاسودەیی و
نیشتیمانێکم لە خۆش بە ختیم
بۆ ساز نەکردن
ئاخر چەند خۆشبوو
سەر بەرزانە
سڵاویان ئاراستە بکەم

بچمە *(( شەعب ))
لەتەکیاندا دابنیشم
بە بێ کێشە
پێکەوە بچین بۆ پیاسە
سەرێك لە (( باخی گشتی )) بدەین و
هەناسەی خوێندکارە عاشقەکان
بەسەرماندا بپرژێت
هەریەکەو دیاریەکم پێبدەن و
منیش بە زەردەخەنەوە
بمووتبا ..... سوپاس
هەرچی خۆشیە بۆ ئێوەو
ناخۆشیە کانیش بۆ من

پێکەنینەکان بۆ ئێوە و
گریانەکان بۆ من
ژیری بۆ ئێوە و
شێتیش بۆ من
لەش ساغی بۆ ئێوە و
بەڵا کانیش بۆ من ((زانا))

بڵێم .... سوپاس
هەردەم بچوکیتان دەکەم
من نازانم چیتر بڵێم ....؟!
بمبەخشن بەگەورەیتان
واخەریکە پەشیمانی رامدەماڵێت
لەو پەڕی تەریقبونەوەدا
خەریکم بمرم
بمبخشن لە وێیووم
لای تێروانینەکانی خۆم

*مەبەست لە چا یخانەی ((شەعب)) ە .